# لە هاپەرین پیاوێکی بە تەمەن دەستدرێژی کردە سەر منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵان

لە هاپەرین پیاوێکی بە تەمەن دەستدرێژی کردە سەر منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵان.

مستەفا ڕەسوڵ، بەڕێوەبەری پۆلیسی هاپەرین لە لەدوانێکی ڕۆژنامەوانی ڕایگەیاند، کەسوکاری منداڵە تەمەن هەشت ساڵانەکە سکاڵایان لەلای پۆلیس تۆمارکردووە، ئاماژەیان بە ئەوە کردووە منداڵەکەیان لەلایەن خاوێنی دەرمانخانەکەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر.

مستەفا ڕەسول ئاشکرای کرد کە کەسی تاوانبار لە شارچکەی حاجیاوە دەستگیرکراوە.

لەبارەی چۆنێتی ڕووداوەکەوە، وەک خەزانی منداڵەکە ئاشکرایان کردووە، ئەوارەی ڕۆژی 21ـی ئەم مانگە کوڕە تەمەن هەشت ساڵانەکەیان کە خوێندکاری قۆناغی دووی بنەڕەتییە چووەتە دەرمانخانەکە، لەلایەن خاوێنی دەرمانخانەکەوە دەستدرێژیی کراوەتەسەر و دواتر ئەمانیش سکاڵایان لەسەری تۆمارکردووە.